
شیعر



لەتیف هەڵمەت

# هەڵبژاردە لە دەستنووسی سێیەم/١

١ – سکێچی دووەمی شیعری

(جەنگنامەی سەدەی داهاتوو)

ئیتر بیر لەوە مەکەرەوە شەهرەزاد سبەی شەو

چ داستانێک بۆ شەهرەیار دەگێڕێتەوە

یا سیندەباد ساڵی داهاتوو

چ دەریایەک دەدۆزێتەوە و

لە چ دوورگەیەکی مرۆخۆر ژنێکی دی دێنێ

هەمیشە  بیر لە جەنگ بکەرەوە

نەخشەی جەنگ بکێشە

تەنها لە رووباری جەنگدا

شتە دزراوەکانت دەدۆزیتەوە

***



لە بیرت نەچێ ئەگەر دووکاندار بووی

کەرەستەی جەنگ بفرۆشە

ئەگەر مامۆستا بووی وانەی جەنگ بڵێرەوە

ئەگەر پزیشک بووی نەخۆشخانەی جەنگ بکەرەوە
عاشق بووی عاشقی جەنگ بە
جەژنەکانت بەناوی جەنگەکانی مێژووەوە ناوبنێ
ئەگەر باخەوان بووی
بە باخچەکانت بڵێ گوڵی جەنگ بگرن
گەر ژنت هێنا لە رۆژی جەنگدا مارەی کە
لە رۆژی جەنگدا بیگوێزەرەوە
منداڵەکانت ناوبنێ جەنگ... هەر بۆ نموونە:
جەنگی سێیەم...
جەنگی نەوت
جەنگی ئاو
جەنگی خەو... جەنگی رۆنی زەیتون...
***
لە بیرت بێ جوانی هیچ ژنێک
جوانی جەنگت لە بیر نەباتەوە
(جەنگ لە جوانی نەمرترە)
ئەمە وتەیەکە لەتیف هەڵمەت دەیڵێ
تاریکایی کۆتایی نایە
ئیتر بۆچی بیر لە دزینی چراکەی دیوجین دەکەیتەوە
نهێنییەکان هەرگیز دەستەمۆ ناکرێن
ئیتر بۆچی بیر لە شکاندنی کلۆمی ژوورە داخراوەکان دەکەیتەوە
هەرگیز بەو خەیاڵەوە نەنووی
سبەی ببی بە ئەندامی پەرلەمانی ئاشتیخوازان
ها بیر لەوە نەکەیتەوە بە پێ بچی بۆ هیندستان و
لەوێ تووتییەک بتکات بە هاورێی جادووگەرێک و
فێری کەمەند کێشکردنی کچانت بکات...
***
ئاگادار بە لە هەرکوێ بووی

**جەنگ بەرپاکە**
**جەنگ دژی سەری خۆت**
**دژی خودی نیشتمانەکەت**
**دژی ئێمە و ئەمان و ئەوان**
**جەنگ دژی جەنگ**
***
**جەنگ دژی سۆفییەکانی ناو چاخانەی شەعب**
**دژی عاشقەکانی دەوروبەری چاخانەی مچکۆ**
**دژی سەرمەستەکانی مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ**
**ئەگەر دەتەوێ پشوو بدەی (مەبەستم پشووی دەروونییە)**
**هەمیشە هۆیەک دابین کە بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ**
**جەنگ دژی گۆڕستانەکان**
**جەنگ دژی ئەوانەی کە هێشتا لە دایک نەبوون**
**ها هەرگیز باسی ئاشتی نەکەی**
**تۆ لە ماڵێکدای هەموو شتێک**
**دژی تۆ و خۆت دەجەنگێ**

٢- ئایەتی چاوەڕوانی
**چرایەک**
**چاوەڕوانی بەردەئەستێیەک دەکات**
**لەوێ**
**گۆڕەپانێک**
**چاوەڕوانی تۆپێک دەکات**
**لەوێ**
**ماکسییەک**
**چاوەڕوانی ژنێکی رووت دەکات**
**لەوێ**
**قفڵێک**

چاوەڕوانی کلیلێک دەکات
لەوێ
نیشتمان
چاوەڕوانی فڕۆکەیەک دەکات
لەوێ
لەوێ
لەوێ
لەوێ
من چاوەڕوانی خۆم دەکەم
لەوێ



٣ – ماڵ

ماڵی خۆی هەیە با
ماڵی خۆی ئاو
ماڵی خۆی ئەستێرە
ماڵی خۆی مانگ
ماڵی خۆی درەخت
ماڵی خۆی دەنکە شقارتە
ماڵی خۆی دووکەڵ
ماڵی خۆی جنۆکە
تۆ بڵێی ئەوانیش
کرێچی بن...

٤ – لاساری

چەندێ بێ باکە
پادشای لەسەر دابنیشێ
یا گوێدرێژێکی برسی
بازنەی بێدەنگیی ناقڵیشێ
کورسی...

٥- بەفر

له شەقامەکاندا
فیکەیەکی بێ کۆتایی دەچێنێ
مەل و سێبەر
لێکتر دەکات بە دوژمن بەفر
له دوور بانگی بەفر دەکات: پەنجەرەیەک
له دوور سەیری بەفر دەکات: ئەستێرەیەک
له باخچەیەکی دوور دووردا شاعیرێک
تا هاوین خۆی بەفرمێسکی خۆر دەشوات
باسی مەرگ دەکات بۆ بەفر

٦- بەدخوو

چەند نمەک نەناسە شەو
ئێوارەیەک هات و بوو بە دراوسێمان
دیوارکۆمان بۆ هەڵکرد
گرمان بۆ خستە پێکەنین
نوێنی گەرممان بۆ برد
کەچی... بوومەلێڵ جێی هێشتین
ئەرێ ئێمە دراوسێیەکی دڵرەقین

٧- تاراوگە

خۆم بووم بە تاراوگە بۆ خۆم
هەر له خۆمدا دەخولێمەوە
رێم نییە بۆ هیچ کوێ بڕۆم
دەمەوێ بۆ لای تۆ بێمەوە
لێم تێکچووە تۆ منی یاخود من تۆم
هەر له خۆمدا وەک خوێن دەسووڕێمەوە
خۆم بووم بە تاراوگە بۆ خۆم...

دەمەوێ بچم بۆ لای تۆ...
بۆ لای خۆم دەگەڕێمەوە
دەمەوێ دیدەنی خۆم بکەم
لەلای تۆ دەگیرسێمەوە...
خۆم بووم بە تاراوگە بۆ خۆم
لێم تێکچووە تۆ منی یاخود من تۆم

٨- کۆچ و بار
گەلێ جار
نیشتمان جێ دێڵین
ناشڕۆین بۆ هیچ شوێنێ



٩- جوگرافیای ئەودیو شتەکان
لە شوێنێک گورگ گیا دەخوات
لە شوێنێک کتێبێک خوێنەرێک
ڕاودەنێ
لە شوێنێک قوتابخانەیەک
منداڵێک ڕاو دەکات
لە شوێنێک وشەیەک
لە دەفتەرێک خۆی دەشارێتەوە
لە شوێنێک شەقامێک
پیاسە لەگەڵ کچێکدا دەکات
لە شوێنێک تفەنگێک
تفەنگێک
ڕۆژوو لە کوشتن دەگرێ
لە شوێنێک... لێرە... لەوێ
لە شوێنێک... لەولایە
لە شوێنێک
کەو تەقە لە ڕاوچی دەکا...